**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١٣٠٩ لە ٢٠٢٤/١/١٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩، و دوا بەدوای ڕێنماییمان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ی تایبەت بە ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل و هەموارکراو بە بەیانمان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ بڕیارماندا بە : دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە هەمواریە:

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری چوارەمی ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل)**
**و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی ماددەی (٩) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ و ماددەی (٤) لە بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ و ماددەی (٤) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ بەم شێوەی خوارەوە هەموار دەکرێتەوە :
**پێویستە لەسەر کۆمپانیاکانی هاوردەکردن یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێل یان ماتۆرسکیل ئەو ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلانەی کە هاوردەی کردووە دوای تێپەڕبوونی ماوە (١) ساڵ لەسەر داخل کردنی ئۆتۆمبێل یان ماتۆرسکیل لەسەر ناوی کۆمپانیا تۆمار بکات ئەگەر نەفرۆشرابێت لەو ماوەیەدا ، ئەم ماددەیە تەنها ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیل دەگرێتەوە**

**ماددەی (٢):**

١- کار بەهیچ نووسراو و بەیان و ڕێنماییەک ناکرێت ناکۆک بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە.

٢- ئەم ڕێنماییە لەڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**